# ئەو پیاوەی کەس ماچی نەدایە کاهووەکان نەبێ!

کیلۆیـەك کـاهووی کڕی. کـاتێك خـواردی یەکـەم مـاچی بیرکەوتــەوە،تـامی نیشـتە گیانی،یەکەم جار شیرین، دوایی تاڵ، چەورییەکیش ئەنیشێتە سەرلێوی سەد کیلۆ کاهووی کڕی. چاوەکانی گەشانەوەو لێوی بۆنـی لــەزەتی لێئـەهات. دوای ئەوە بەحەسرەتەوە نەیڕوانیە هیچ ژنێك. هێندەی کاهوو خواردبوو،وەك سنەوبەر سـەوز بـوو بـوو. دووسـەد کیلـۆ کـاهووی کـڕی، یەکـەمجار ویسـتی بەهــەموان بڵێت:"خەڵکینە بەینێکە کاهوو تامی ماچ ئەدات" بەڵام پەشیمان بۆوەو ترسـا گـران بێـتو نـەمێنێت. کـاهوو لەشارا نـەما، زەردبـوو،پەشۆکا،عاقیبـەت مـرد ئـەو پیاوە ناشیرینەی کەس ماچی نەدایە کاهووەکان نەبێ

میراتی ئەم پیاوە تابلۆیەك بوو، پیاوێك بەدیار سەوزبوونی کاهوویەکەوە گیانی دەرچوو بوو. فەلاحەکانیش هەرگیز ئەو ژنەیان نەبینی کە شـەوان نـەوتی ئـەکردە بنی کاهووەکان، لەبەرئەوەی وای ئەزانی ئەم کاهووانە تـامی یەکـەم مـاچی کە بە پیاوێکی ناشرینی داوە لەبەین بردووە.